# حەشدی شەعبی و ئایندەی عێراق

## ململانێی سەبناسیونالیزم و دەوڵەت



دیلان ئودریسکۆڵ
دەیڤ ڤان زوونن

MERI
ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

# حەشدی شەعبی و ئایندەی عێراق:
# ململانێی سەبناسیونالیزم و دەوڵەت


دیلان ئودریسکۆڵ

دەیڤ ڤان زوونن



**ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**

ئادار ٢٠١٧

# پوختەی ڕاپۆرت

پاش سەرهەڵدانی لەناکاوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە لە ڕووی سەقامگیرکردنی باری ئەمنیوە. بەڵام لە ڕوانگەی نیشتیمانسازیەوە، ڕۆڵی نەرێنی وەیان مەترسی ئەو هێزانە لەدوای بەزاندنی ڕێکخراوی داعش لەسەر دەوڵەتی عێراقی پێویستی بەهەڵسەنگاندنە، کەئەوەش بابەتی ئەو راپۆرتەشیکاریەیەو تێیدا چەندین پێشنیاز سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیە رەچاوکراوەکانی حەشدی شەعبی لە مەودای نزیک و مامناوەندیدا خراونەتەڕوو.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لەچەند کروپێکی جیاواز پێکدێن و تا رادەیەك ڕەنگە کێبرکێی دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەت بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردەکانی ئەو هێزانە لەهەڵمەتەکانیاندا پەیامی نیشتیمانی (ناسیۆنالیستی) تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن، کەئەوەش دەرفەتەکانی بەردەم کاراکردنی دەوڵەت و درووستبوونی یەکڕیزیی و تەبایی کەمتر دەکات. لەرێگەی هێزەکانیان و چالاکیە ئەمنیەکانیان، ئەم سەرکردانە کێبرکێی دەسەڵات لەگەڵ سوپای عێراق دەکەن و ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تێڕوانینەکان سەبارەت بە خوودی دەوڵەت هەیە. ئەوە جگە لەوەی کە ئەندامانی ئەو هێزانە کارە سەربازیەکانیان بەکار دەهێنن بۆ وەدەستهێنانی مەرامی سیاسی. هەڵبەتە بوونی چەندین گروپی ڕکابەر سوودی ئەوتۆیان بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی عیراق نابێت و ڕەنگە ببنە هۆی بەردەوامبوونی ناکۆکیی و تووند و تیژی. بەو پێیە، بەرنگاربوونەوەی ئەو بەربەستانەی کە پەیوستن بە حەشدی شەعبیەوە دەبیتە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکان لە عێراقی دوای بەزاندنی ڕێکخراوی داعش.

هەڵبەتە چارەسەری کۆتایی بۆ ئەم کێشەیە بەوەدەکرێ کەهێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێندرێنەوەو بەشێوازی ئاوێتەکردن تێکەڵ بە هێزە ئەمنیە عێراقیە نیزامیەکان بکرێنەوە. وە بوونی سوپا پێویستەگشتگیر بێ و شانبەشانی هێزی پۆلیس و پاسەوانی سنور لە ژێر فەرمانداریێتی یەکگرتوو بێت و ملکەچی چاودێری لایەنێکی مەدەنی بیت. ئەوەش نەک تەنیا بەهایەکی گرنگە بۆ یارمەتیدانی پەرەسەندنی یەکێتی نیشتیمانیی، بەڵکو مەرجێکی سەرەکیە بۆ کاراکردنی سێکتەری ئەمنیی بە کۆی گشتی. بەڵام بە رەچاوکردنی دۆخی ئێستا لە ڕووی ئەمنی و ئاشتەوایی و ویستی سیاسیەوە، ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسان نەبێت، بۆیە ئەو پرۆسەیە پێوستی بە دیاریکردنی قۆناخێکی گواستنەوەیە بۆ ئەوەی پێشکەوتن لەم بوارانەدا ئەنجامبدرێت پێش ئەوەی بە شێوەیەکی واقیعیانە هێزەکانی حەشدی شەعبی تێکەڵی هێزە ئەمنیەکانی عێراق بکرێن.

پاش بەزاندنی داعش، پێویستە حکومەتی عێراق هەوڵبدات پلاتفۆرمێکی سیاسی لەسەر بنەمای یەکێتی نیشتیمانیی و چاکسازیی دروست بکات، بە جۆرێك کە چاکسازیی ڕاستەقینە لە سیکتەری ئەمنی و لەهاندانی پرۆسەی ئاشتەوایی لەخۆبگرێت. وە لەهەمان کاتدا، پێویستە پرۆگرامێک دابمەزرێندرێت بۆ یارمەتیدانی ئەو ئەندامانەی کە ئارەزوومەندن لەدوای شەڕی داعش بچنە نێو هێزە عێراقیەکان، یان لە چەکدارەوە ببنەوە هاوڵاتی سڤیل. ئەم پڕۆسە دووبەشییە نەک تەنیا ڕێگە بە هەڵوەشانەوەی پەیتا پەیتای هێزەکانی حەشدی دەدات لەپێناوی یەکڕیزیی عێراق، بەڵکو سوپای عێراقیش بەهێز دەکات. لەکاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، پێویستە حکومەتی عێراقی کاری هاوبەشی سەربازیی لەگەڵ حەشدی شەعبی بوەستێنێت و دەست بکات بە ئاوێتەکردن وسنووردارکرن و فشارکردن لەسەر هێزە جیاوازەکانی نێو حەشدی شەعبی لەسەر بنەمای ئاستی دڵسۆزیی (ولاء) بۆ دەوڵەت. ئەنها بەم چەشنە پڕۆسەیەکی گشتگیری هەڵوەشاندنەوە و ئاوێتەبوون لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی فەرمیی لەگەڵ هێزە چەکدارەکان وەک چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی ئەمنی لە عێراق دێتە ئاراوە. بێگومان ئەم پرۆسەیە پێویستی بەوەیە کە لەگەڵ رەوتی لۆکاڵی بگونجێندرێت و حکومەتی عێراقی کۆنترۆڵی ئەم پڕۆسەیە بکات. خۆ ڕەنگە ئەم پرۆسەیە وای پێویست بیت کە تا ئاستێك دەرچوون لەسەر بنەما گشتیەکانی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و چەکدانان و ڕێکخستنەوە (Demobilisation, Disarmament and Reintegration, DDR) بکرێت ئەمەش تەنها لەبەرژەوەندیی سەرکەوتنی پرۆسەکەدایە.

# پێشنیازەکان

## بۆ حکومەتی عێراق

وادیارە کە سەرهەڵدانی پێکهاتەی جیاواز لە نێو هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبێتەمایەی بنکۆڵکردنی یەکڕیزیی نیشتیمانیی و ڕەنگە کەڵێنەکان لە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ دا بە هۆی بانگەشەی هەڵبژاردەنەکانەوە زیاتر بێت. بۆیە، پێویستە حکومەتی حەیدەر عەبادی دەرفەتی ناوەدەرکردنی ئێستای بقۆزێتەوە و لەقۆناخی دوای داعشدا پلاتفۆرمێک لەسەر بنەمای یەکێتی نیشتیمانیی و ئاشتەوایی نەتەوەیی و ئەنجامدانی چاکسازی لە کەرتی ئەمنیدا پێك بهێنێ. دەبێت ئەم پلاتفۆرمە تەرکیز بکاتە سەر بنەماکانی گشتگیریی و هەمەلایەنی، وە لەهەمان کاتدا پێویستە کۆمەڵگا لۆکاڵیەکان لە فەراهەمکردنی ئاسایش لە ڕێگای سوپای نیشتیمانی و هێزی پۆلیسەوە بەشدار بن، و ئەو هێزانەبینە تەنها لایەنی چەکدار بۆ پاراستنی ئاسایشی گەلی عێراق.

پێویستە پەرلەمانی عێراق هەوڵ بدات کەشێکی گونجاو بهێنێتە ئاراوە کە تێیدا بتوانرێت کاریگەریە نەرێنەکانی بوونی هێزی چەکداری پەیوەست بە پارتە سیاسیەکانەوە دیبەیتیان لەسەر بکرێت. دەبێت پەرلەمان هەوڵدات کە نەریتێک یاخود بنەمایەک بچەسپێنێت بەوەی کە چیتر ئەم جۆرە هێزانە دروست نەبن و لە هەمان کاتدا لایەنەکان بەهەڵەوەشاندنەوەی ئەم هێزانە لە مەودایەکی کاتیی گونجاودا پابەند بکات.

١ پێویستە حکومەتی عێراقی درک بە گرنگی سوپای عێراق لە دروستبوونی شوناسی عێراقی و یەکڕیزیی نیشتیمانیی بکات. لێرەدا دەکرێت هەوڵی زیاتر بۆ باشترکردنی ڕوانگەی خەڵک بە سوپای عێراق بدرێت.

٢ پێویستە حکومەتی عێراق پێکهاتەی هێزە ئەمنیە عێراقیەکان هەمەجۆر بکات و بەشداری بە کۆمەڵگای لۆکاڵی بکات لە دابینکردنی ئەمنیەت لە ڕێگای هێزە ئەمنیە عێراقیەکانەوە.

٣ پێویستە حکومەتی عێراق بە هاوبەشیی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتیەکان، پرۆگرامی هەڵوەشاندنەوە و چەکدانان و ڕێکخستنەوە (DDR) ئامادە بکات، ئەویش بە مەبەستی پێدانی یارمەتی بۆ ئەو چەکدارانەی حەشدی شەعبی کە ئارەزوومەندن بچنە ناو هێزە ئەمنیە عێراقیە نیزامیەکانەوە، یان بگەڕێنەوە بۆ نێو ژیانی مەدەنی.

٤ پێویستە نەخشەرێگایەک بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانیی لە دوای شەڕی داعش بگیردرێتەبەر بە ئاستێک کە دادگاکان تەنها تەرکیز لەسەر بەجێگەیاندنی سزا نەکەن بەڵکو دەکرێت زیاتر سوود لەو میکانیزمانە وەربگیردرێت کە تەرکیز دەخەنە سەر قوربانیان و گەڕاندنەوەی باری ئاسایی بۆ ئەوەی گرنگی بە ڕۆڵی قوربانیان و تاوانباران لەم پرۆسەیەدا بدرێت، چونکە ئەوان زانیاری باشتریان پێیە کە دەکرێت بو زانینی ڕووداوەکانی ڕابردووی ژێر دەسەڵاتی داعش سوودی لێ وەربگیرێت.

٥ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ دروستبوونی یەکدەنگی لە نێو کۆمەڵگادا. ئەم هەڵمەتە پێویستە کە چەند پۆلەسیەک (سیاساتێك) لەخۆ بگرێت، وەک چونیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پرۆژەی گەشەپێدان و ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و هیتر.

## بۆ سەرکردایەتی حەشدی شەعبی

پێکهاتەکانی عێراق، کە لە هەمان کاتدا هەم بەهێز و هەم پەرتەوازەبوون بە هۆی هێزە جیاجیاکانی نێو حەشدی شەعبیەوە، دەتوانن دەوڵەت بنکۆڵ بکەن و دژی ئەو یەکپارچەییەی عێراق بوەستنەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی ئیدعای پاراستنی دەکەن. دەبێت هەریەک لە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی و هێزەکانی ناوی دووبارە مەبەست و ئامانجەکانیان هەڵبسەنگێننەوە چونکە لەوانەیە ئەو کورتبینیەی ئێستا پەیڕەوی

دەکەن ببێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسەڵات لەمەودای کورتدا، بەڵام لەمەودای درێژدا نەک ناسەقامگیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بەڵکو ئەو دەسەڵاتەی دەستیان هێناوەبەهای نامێنێت و ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ. خۆ بوونی خواست و تموحی سیاسی لە نێو هێزەکانی حەشدی شەعبی پێشهاتێکی نەشیاو نیە، بەڵام پێویستە بەشداریکردنی سیاسی ئەم گروپانە بەو مەرجە قبوڵ بکرێت کەچەك دابنێن. نابێت پارتە سیاسیەکان هێزی چەکداریان هەبێت بۆ چەسپاندنی ویستەکانیان ، وە پێویستە لە مەودای درێژدا مەلەفی ئەمنی تەنها لەدەستی حکومەتدا بێت.

٦ ئەو ئەندام و هێزانەی کە ئارەزوومەندی چەکدانان و هەڵوەشانەوەن یاخود خوازیارن بچنە نێو سوپا یان هێزی پۆلیس، دەبێت بە فەرمی داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن، وە پێویستە ئەوانەجێیان لەنێو هێزە ئەمنیە عێراقیەکان و فەرماندە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ بکرێتەوە. پێویستە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی ڕێگە لەو ئەندامانەش نەگرێت کە دەیانەوێت واز لە هێزە ئەمنیەکان بهێنن و دووبارە تێکەڵی کۆمەڵگا ببنەوە یاخود دەیانەوێت بچنە نێو هێزە ئەمنیە عێراقیەکان.

٧ پێویستە هێزە چەکدارەکان ڕێیان پێنەدرێت ڕۆڵ لە پرۆسەی هەڵبژادن بگێرن چونکە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ پارتە سیاسیەکان ڕوون و ئاشکرایە. وە لەبەر ئەوەش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێ هێزە چەکدارەکان لە ناوچەکانی دەنگدان دوور بن. پێویستە ئەرکی پاراستنی دەروازە وشوێنی دەنگدانەکان بدرێنە هێزە ئەمنیە عێراقیەکان. هاوکات پێویستە سەرکردایەتی حەشدی شەعبیش پاڵپشتی ئەم پرۆسەیە بکات.

٨ پاش ئەنجامدانی ئەو خاڵانەی سەرەوە، پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنەکان جیاکاری لە نێوان باڵی سیاسی و سەربازی بە شێوەیەک بکرێت کە باڵە سەربازیەکان لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بەکار نەهێنرێن و بە بێ لایەنی بمێننەوە.

٩ لەبەر ئەوەی کە گوتاری کەمپەینی هەڵبژاردنەکان ڕەنگە هانی پەرتەوازەیی لەنێو گروپە جیاوازەکان بدات، پێویستە تێکڕای سەرکردەکانی پارتە سیاسەکان و هێزە چەکدارەکان بە ئاشکرا بەڵێنی ئەوە بدەن کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەدوورر دەبن لە بەکارهێنانی توند و تیژی و تۆقاندن.

١٠ پێویستە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی بە کاری ئەنجامدانی ڕیفۆرم و چاودێری هەڵبسێت، ئەویش بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەندامانی بندیوار و گەندەڵی و پێشێلکاري مافی مرۆڤ.

١١ پێویستە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی بەجیددیانە ڕەچاوی ئاوێتەکردنی پەیتا پەیتای هێزەکانی حەشدی شەعبی بکەن بۆ نیو هێزە ئەمنیە عێراقیەکان و بۆ بەهێزکردنی یەکپڕیزیی عێراق و ڕێگەکرتن لە کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی.

- پێویستە فەرماندەکانی نێو هێزەکانی حەشدی شەعبی کە نوێنەرایەتی کەمینەکان دەکەن، دان بەوەدا بنێن کە باشتر وایە پاراستنی ئەمنیەتی پێکهاتە(کەمینە)کان لە ڕێی هێزە فەرمیەکانەوە بکرێت. بۆیە پێویستە قوربانی بە ئامانجەکانیان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی تاکەکەسیی بدەن بۆ خاتری زامینکردنی ئەمنیەتی گشتی بۆ پێکهاتەکانیان.

- بەهەمان شێوە ئەمنیەتی سوونەکان باشتر فەراهەم دەکرێت ئەگەر هێزەکانیان ببنە بەشێک لە هێزە ئەمنیە عێراقیەکان، نەك کێبرکێیان لەکەڵدا بکەن.

- فەرماندە شیعەکان دەبێت درک بەوە بکەن کە بە زۆربوونی هێزەکان ئەگەری دروستبوونی ململانێ نێوخۆیی زیاد دەکات، وە نموونەی ڕابردووی نێوان ڕێکخراوی بەدر و جەیشی مەهدی ئەو ڕاستیە دەردەخات. زیاد لەوەش، هەڵبەتە بوونی هێزی جیاوازی کێبڕکێکەر لەگەڵ هێزە ئەمنیە عێراقیەکان بنکۆڵی ئەکرپزیی عێراق دەکات و ناسەقامگیری دروستدەکات.

## بۆ حکومەتی ئێران

ئەو ناوچانەی کە لەژێر کاریگەری ناکۆکیەکانن جێگای سەرەکین بۆ ڕاکیشانی گروپە تیروریستەکان. پێویستە تەهران ئەوە بزانێت کە ڕەنگە بوونی ژمارەیەک هێزی عێراقی دلسۆز بۆ ئێران لەمەودای کورتدا خزمەتی بەرژەوندیەکانی ئێران بکات، بەڵام لەدواجاردا هەر ئەوەش دەبێتە مایەی زەرەر بۆ ئێران ، چونکە ئەم جۆرە هێزانە دەبنە هۆی بنکۆڵکردنی کارایی عێراق وەك دەوڵەت و بەمەش ناسەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە دروست دەبێت. بەلابردنی ڕژێمی پێشووی عێراق چەندین هەول لە نێوان ئەم دوو وڵاتە دروستبوو کە لەچەندین رووەوە بەسوودی هەردوولا کەوتەوە، بۆیە عێراقێکی کارا لەبەرژەوەندی ئێران دایە و ڕەنگە ببێتە دۆست و هاوبەش بۆ ئێران. هەر بۆیە پێویستە ئێران پاڵپشتی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی پەیتا پەیتای میلیشیا ناحکومیەکان بدات کە لەئێستادا خۆی پاڵپشتایان دەکات لە عێراق.

١٢ دوابەدوای بەزاندنی ڕێکخراوی داعش، پێویستە ئێران پاڵپشتی دارایی و سەربازی هێزە چەکدارەکان بوەستێنێت و لە جیاتیان پاڵپشتی هێزە ئەمنیە عێراقیەکان بکات.

١٣ پێویستە ئێران نفوز و دەسەڵاتی بەکاربهێنێت بۆ هاندانی ئاوێتەکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ نێو هێزە ئەمنیە عێراقیە تەقلیدیەکان.

١٤ پێویستە ئێران پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ بەغدایە بپارێزیت و پاڵپشتیکردنی هێزە چەکدارەکان هەڵبگێرێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو میکانیزمانەی کە پرۆسەی ئاوێتەبوون و هەڵەوشاندنەوە وگواستنەوەی هێزەکان دوور لە چەکداریی ئاسان دەکات.

١٥ بە شێوازێکی دیبلۆماسیەوە، دەکرێت ئێران پاڵپشتی ئەو سەرکردە عێراقیانە بکات کە پشتگیری یەکڕیزیی خەڵکی عێراق دەکەن و دوورن لە بەکار هێنانی ئەو سیاسەتانەی کە پەرتەوازەیی دروست دەکەن.

## بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

پاش شەڕی ڕێکخراوی داعش، گرنگە کە هەمو پێکهاتەکانی عێراق کۆببنەوە و لەوەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی دەبێت. بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکیەکیانی نێوان کورد و عەرەب پرۆسەکانی چاکسازی و هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەلاڕێدا دەبات. هەڵبەتە چەند خاڵێک هەن کە دەبێت گفتوگۆیان لەسەر بکرێ و یاخود هەماهەنگیان لەبارەوە بکرێت. جا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆلی یارمەتیدەر یان ئاڵۆزکەر بگێڕێت، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەمنیەتی داهاتوودا، لەبەرژەوەندیدایە کە بەگویرەی توانا رۆلی یارمەتیدەر بگێڕێت.

١٦ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامی بە دیالۆگ لەگەڵ بەغدا بدات و بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێت سەبارەت بە کەرکووک و هەناردەکردنی نەوت و ناوچە جێ ناکۆکەکان.

١٧ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری و ئاسانکاری لە هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی چاکسازی سێکتەری ئەمنی لە نینەوا و کەرکووک بکات.

١٨ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆ لە دروستکردنی هێزی سیاسی تایبەت بە پێکهاتە(کەمینە) کان بۆ مەرامی سیاسی بەدوور بگرێت، چونکە ئەوە گرژی نێوانیان زیاد دەکات و یەکڕیزیی بنکۆڵ دەکات. هەروەها پێویستەڕێیان پێبدات کە بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدەن.

١٩ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات پەیوەندیەکانی پێشمەرگە لەگەڵ حەشدی شەعبی سوپای عێراق باش بکات.

## بۆ حکومەتی تورکیا

پێویستە پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرە باش بکرێن چونکە لە ئێستادا تورکیا هاتوەتە ژێر گاریگەریی ناسەقامگیری وڵاتانی دراوسێی لەبەر ئەوەی ململانێ و ناکۆکیەکان وا سنورەکان تێدەپەڕێن. هەر لەبەر ئەوەش سەقامگیری لە عێراقدا لە بەرژەوەندی تورکیادایە و مانەوەی هێزی تورکیا لە عێراق بە پێچەوانەی ویستی بەغدایەو بە سوودی سەقامگیری وپەیوندی نێوانیان ناگەڕێتەوە. ئەگەر تورکیا ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی سوننیەکانە لە عێراقدا، دەبێت تورکیا ڕۆڵی نێوەندگیری بکات نەک ڕۆڵی ئاڵۆزکەر.

٢٠ پێویستە حکومەتی تورکیا پشتیوانی تێکەڵ کردنی هێزە سوونیەکان بۆ نێو سوپای عێراق بکات لەجیاتی هەوڵی دروستکردنی هێزی سوونی جودا.

٢١ پێویستە حکومەتی تورکیا پاڵپشتە داراییەکانی بۆ هێزە ناحکومیەکان لە عێراق بوەستێنێت و پشتیوانی دروستبوونەوەی سوپای عێراق بکات.

٢٢ پێویستە حکومەتی تورکیا ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان هێزە سوننیەکان و حکومەتی ناوەند بگێڕێت بۆ پتەوکردنی سەقامگیری و یەکڕیزیی لەناو عێراق.

٢٣ کشاندنەوەی هێزەکانی تورکیا لە عێراق خاڵێکی سەرەکیە بۆ نەهێشتنی هۆکارێکی تری بەردەوامبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی.

## بۆ کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان

لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە تا ڕادەیەك هەندێک لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان لە پاش بەزاندنی ڕێکخراوی داعش لە ڕووی سەربازیەوە چەک دانێن، بەڵام ئەستەمە پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشانەوەی گشتی میلیشیا عێراقیەکان ئەنجام بدرێت پێش ئەوەی پێشکەوتن لە بوارەکانی چاکسازی سێکتەری ئەمنی و ئاشتەوایی نیشتیمانیی رووبدات. بۆیە، پێویستە نەتەوە یەکگرتوەکان و دیبلۆماتکاران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان پشتیوانی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بن لەو بوارانەدا و مولکیەتی لۆکاڵی سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی و یەکپارچەیی و ئەنجامدانی چاکسازی لە سێکتەری ئەمنی دەستەبەر بکەن.

٢٤ پێویستە لایەنە نێودەوڵەتیەکان یارمەتی عێراق بدەن لە پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوە و ئاوێتەبوون ، کە بە ئامانجی یارمەتیدانی ئەو ئەندامانەیە کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە نێو ژیانی ئاسایی مەدەنی. هەروەها ئەم پرۆسەیە دەبێت ئاسانکاری بۆ ئەو چەکدارانە بکات کە دەیانەوێت بچنە نێو هێزە ئەمنیە عێراقیە تەقلیدیەکانەوە.

٢٥ ئەم پرۆسەیە دەبێت لایەنی هاوکاری و پاڵپشتی دەروونی و پەروەردەیی و تەندروستی و مەشقی پێشمەرگە و دۆزینەوەی هەلی کار لە خۆبگرێت.

٢٦ پێویستە کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان پاڵپشتی ئەو سەرکردانە بکەن کە کار و پەرە بە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانیی دەدەن لە ڕێگای پێشکەشکردنی یارمەتی و ئەزموون لەکاتی گونجاودا. وە لەهەمان کاتدا دەبێت هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی مولکیەت بۆ ئەم پرۆسەیە لە لایەن هاوڵاتیانەوە.

٢٧ پێویستە کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان ئاسانکاری لە پرۆسەی دیالۆک لە نێوان بەغدا و هەولێردا بکەن سەبارەت بە کۆمەڵێک لە بابەتی وەکو دابەشکردنی داهاتی سامان و مافی هەناردەکردنی نەوت و ئیدارەکردنی ناوچە جێ ناکۆکەکان.

٢٨ پێویستە لایەنە نێودەوڵەتیەکان پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەو ئاوێتەبوون وەک بەشێکی بەرەوپێشچوون هەژمار بکەن و دڵنیایی بدەنە هاوڵاتیان بەوەی کەم ئەو پرۆسەیە لە سوودی تێکرای کۆمەڵگاکانە.

٢٩ بەگوێرەی سیاقی ئەمنی و مێژوویی و کەلتوریی عێراقی، ڕەنگە باشتر بێت هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوە و ئاوێتەبوون پێش چەکدانان دەست پێبکات.

٣٠ لەکاتی دەست پێکردنی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی چەک و تەقەمەنی، پێویستە لایەنە نێودەوڵەتیەکان دڵنیایی ئەوە بکەن کە ئەم پرۆسەیە هاوڵاتیان و میلیشاکان و ئەندامانیان دەگرێتەوە.

MERI

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

Erbil - Kurdistan Region - Iraq
info@meri-k.org | +964(0)662649690
facebook.com/meri.info | twitter.com/meri_info
WWW.MERI-K.ORG